# "قەزییەی لاوان نەك تەنها لەهەمان رۆژوساتەوەختی دەسەلاتی کوردی وپەرلمانەکەیەوە دەست پیناکات بەلکو بەناونیشانی خواست و ئارەزووی ئینسانی سەدان هەزار لاو لەکوردستان، ئەوساتەوەختە دەکاتە حەلەقەی پیکەوە گریدانی میژووی دەسەلاتداریتی کورد و عەرەب"

**گفت و گۆ لەگەل سامان کەریم سەبارەت بەپرسی لاوان**

ئۆکتۆبەر: سامان کەریم، پێم وابێت ئێستا دوای لاچونی تەپ‌وتۆزی چەواشەکارانەی ڕاگەیاندن لە سەر پرۆسەی گالتەجاری ریفراندۆم بۆ دەستور، ڕاگەیاندنەکانی کوردستان‌و تەنانەت هەردوو حزبی دەسەلاتدار لە کوردستان، باس لەوە دەکەن کە خەڵک زۆر کەم چوە دەنگی داوە. لەم چوارچێوەیەدا باسی سەرەکی بۆتە باسی نەچونی لاوان، یان بەشداری زۆر کەمی لاوان لە دەنگداندا. لێرەوە باسێکی گەرم لە پەیوەند بەلا وانەوە هاتۆتە پێش. لەمبارەوە ئێوە دەلێن چی؟

سامان کەریم: هەروەك ئاماژەتان پێکرد، ئێستا رۆژنامەو گۆڤارو بەرنامە تەلەفیزیۆنیەکانی کوردستان بە ڕیژەیەکی زۆر زیاتر لە دەورانی پێشوو هاتونەتە سەر باسی لاوو کۆسپ‌و ئاست تەنگییەکانی بەردەمی‌و هەروەها باسێکی زۆر گشتی لە خواست‌و ویستەکانیان‌و هۆی "یاخی"بوونی یان هۆی نەچونی بۆ دەنگدان !!. ئەوەی جێگای سەرنجدانە لەم نێوەداو لە نێو هەرواوهوریایەك کە دەکرێت سەبارەت بە لاوان‌و کۆسپەکانیان یان ئەوەی ناویان لێناوە "لاوی یاخی بوو" ئەوەیە کە لە پەیوەند بە "دەنگ نەدان"ی لاوانەوە ئەم مەسەلەیە لەلایەن دەسەلاتداری ناسیونالیزمی کوردەوە دەکرێتە باسێکی گەرم‌و میدیاکانی کوردستانی پیٚ گەرم دەکرێت‌و لەم چوارچێوەیەدا کە ئەوان دیاریان کردوە ڕۆژنامەکان‌و تەلەفیزیۆن‌و رادیۆکانی کوردستان خەریکین وەلام بەم مەسەلەیە دەدەنەوە. ئەوان هاتون دیاردیەك دەوروژێنن، کە یەکێکە لە گەورەترین‌و فراوانترین دیاردەیەکی کۆمەلایەتی کە لەکوردستاندا هەبێت، هاتوون باسی لاو، وە خواست‌و کۆسپی بەردەم لاوان دەکەن، بەلام هەمووی لە کلاورۆژنەی صندوقەکانی دەنگدان‌و هەروەها بەدیاریکراوی لاوێك بەرانبەر بە دەنگێگ. لەم چوارچیوەیەدا و لە وولاتێکدا کە دەولەت‌و حوکمرانیەکی تا ڕادەیەك ئارام‌و جێگەوتووی تێدا بێت‌و بڕیك قەدرو حورمەتی مافی ئینسان هەبێت لەو چوارچێوەیەدا واتە لە چوارچێوەی دیموکراسی‌و لیبرالیزمدا بواری ریفۆرمێك ممکنە کە لاوان سەرلەنویٚ‌و لەسەر بنەمای سیستەمێکی کۆمەلایەتی ریقۆرمکراودا ریکبخاتەوە لە نێو کۆمەلداو بەم پێیەش لاوان بەهەندێك خواست‌و ویستی خۆیان بگەن‌و بەم شێوەیە بیانخانەوە نێو سەرەکانی دەنگدانەوە، ئەم پرۆسێسە نەك تەنها لە کوردستان جێبەجێناکرێت کە تا ئێستا دەسەلاتی میلیشیایی تێدا زاڵە، بەڵکو لە هەموو ئەو وولاتانەی پێیان ەوترێت "جیهانی سێهەم‌و چوارەم" پرۆسەیەکی چاکسازی گۆمەلایەتی لەو شێوەیە، لە لایەن دەسەلاتدارێتی مەوجودی ئێستایاندا مومکن نیە. یان تەنانەت لە سایەی سیستەمێکی داپلۆسێنەریشدا هێنانەوەی لاوان بۆ نێو صندوقەکانی دەنگدان ئیحتمالێکە بەلاٚم ئەمەیان لایەنی کەم پێویستی بەدوو تەوەرەی سەرەکی هەیە، یەکەمیان/ سەرکوت‌و بونی دەزگایەکی پان‌و پۆری سەرکوت‌و دووەمیان/ ئاستێکی مەعقول لە گەشەو ڕەونەقی ئابوری، کە بێگومان هەر دوو تەوەرەکە پێویستی بە دەوڵەت هەیە کە ئەمەشیان بۆ کوردستان نابێت، کە تا ئێستا دەوڵەتی نیە. بۆ دەوڵەتێکی وەك چین کارێکی وا ممکنە، ئەگەر کۆسپی لەم چەشنەیان هەبێت.

بەم پێیە بە بڕوای من‌و تا ئەو جێگایەی ئەم باسە، واتە "قەزییەی لاوان" لە پەیوەند بە دەنگدانەوە باس دەکرێت، بۆخۆی لێکۆلینەوەو پێشنیارو ئەلتەرناتیڤێك دەهێنێتە پێش کە ڕاستەوخۆ بە زەرەری لاوان تەواو دەبێت لە ناوچەیکی وەك کوردستاندا.

ئۆکتۆبەر : مەبەست چیە،لە باسی ئیوە کە دەلێن بەو پێیەی قەزییەی لاوان‌و کۆسپ‌و خواستی ئەوان، لە پەیوەند بە دەنگدانەوە بۆ دەستور هێنراوەتە پێشەوە، سەر ئەنجام لە کوردستاندا بە زەرەری لاوان تەواو دەبێت؟

سامان کەریم: من ئاماژەم بەوە دا کە دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کورد لە هەردوو ئیدارەکەو تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بن دەستیان، بەوانەشەوە کە خۆیان بە سەر بەخۆ ناو دەبەن، ئەم کۆسپ‌و دیاردەیان لە کاتیکدا بۆ هاتۆتە پێش‌و بۆتە جیٚی باس‌و لێکۆلینەوەیان، کە لا وان نەچوون بۆ دەنگدان‌و بەشداریان نەکردوە، خۆ ئەگەر دیاردەکە پێچەوانە بوایە من بێگومانم کە هەردوو حزبی دەسەلاتدارو ڕاگەیاندنە حزبیەکانیان‌و هەروەها ئەوانی دیکەی بن دەستیان باسی "یاخی بونی لاوان"و کۆسپ‌و ویستەکانی "لاو"یان نەدەکرد. بەم مانایەش لای ئەم هێزو نوسەرانە، خالّی لێوە هەستان، کەسی "لاو" و خواست‌و هیواو ئارەزوەکانی نیە، ئایندەو باش بژیەتی‌و پاراستنی حورمەت‌و کەرامەت‌و مافەکانی ئەوان نیە، بەڵکو بەگەر خستنیانە بە وێنەی هێزێکی " بەلیٚ" بۆ هەردوو حزبی دەسەلاٚتدار. وە ئەمە چوارچێوەی باس‌و لێکۆلینەوەیەکیشە کە زۆر بلاوەوو بەم پێیەش لە جیاتی ئەلتەرناتیڤی گونجاو مەلموس پێشنیار بکات، دەگاتەوە پێشنیارکردنی یەئس‌و زەلیلی، دیارە ئینسانی زەلیل‌و مەئیوسیش بیٚ ئیرادەیەو لێرەوە نوسەر یان گروپ یان تەنانەت مەیلێك کە هەیە لە نێو نوسەراندا، لاوان دەستە پاچە ڕادەگرن‌و لە حەلەقەیەکی بەتاڵدا دەیانجولێنن کە ئەمسەرو ئەوسەری دیار نیە، دیارە ئەم دیاردەیەش بە قازانجی دەسەلاتداران تەواو دەبێت. لایەنێکی تر کە بەگشتی پێشنیار یان وەلاٚمی سیاسی هەردوو حزبی دەسەلاتدارە، کە شێوەیەك لە ڕیکخراوبونە بەلاٚم ئەمجارەیان لە

ژێر ناوێکی تردا ئەویش " پەرلەمانی لاوان"ە، پەرلەمانێك کە لە باشترین حالەتی خۆیدا بەجیا لەوەی لاسایکردنەوەیەکی ناشیانەیە، لە بناغەوە بۆ ئابلوقەدانی تەواوی خواستو ئارەزوەکانی لاوانو بزوتنەوەی ناڕەزایەتی ئەوان هێنراوەتە پێش، لە کاتێکدا کە ڕێکخراوەکانی لاوانی ئازادو دیموکراتو توانا‌سازی هەموویان هیچ پێگەو جێگەیەکی واقعیو مەلموسیان نیە لە نێو ناڕەزایەتی ئاشکراو پەنگخواردووی لاواندا. بۆچونێکی دیکەش کە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر تەیفێکی فراوان لە لاوان، هێنانە گۆری باسی چاکسازی کۆمەلایەتی‌یە، کە من پێم وابێت ئەم باسە بە جیا لە هەر چوارچێوەو فۆرمۆلەیەك کە دەیداتە خۆی، بەو پێیەی کە لە قالبی "عەریزە" دا پێشنیار دەکرێتو دەخرێتە سەر مێزی دەسەلاتی هەردوو ئیدارەکە، قابیلی جێبەجێبونو جێبەجێکردن نیە لە لایەن دەسەلاتدارانی ئێستاوە، ئەوان کاری وایان لەدەست نایەتو وەلامی عەریزەو خواستو داوکاری نادەنەوە، من ئەم ڕوانگەو مەیلە بە وەهم دەبینم کە پێویستە لەسەر لاوان بە خێرایی تەجاوزی بکەن.

بەم مانایانە من ئەم شێوە لە هێنانەگۆری چارەسەرکردنی کۆسپەکانی لاوان بە زەرەرمەند دەبینمو لە راستیدا لە پێناو ئابلوقەدانی ناڕەزایەتی ئەواندا سەرنجی دەدەمێ. بەلام لەلایەکی دیکەشەوە کە زۆر گرینگەو هەموو مان دەزانین کە قەزییەی لاوان نەك تەنها لە هەمان ڕۆژو ساتەوەختی دەسەلاتی کوردیو پەرلەمانەکەیەوە لە ساڵی 1992وە دەست پێناکات بەڵکو بە ناونیشانی خواستو ئارەزوویەکی ئینسانی سەدان هەزار لاو لەکوردستان، ئەو ساتەوەختە دەکاتە حەلەقەی پێکەوە گرێدانی مێژووی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردو عەرەب. مێژوویەك کە تا ئێستا بۆ لاوانی کوردستان، جگە لەوەی کە عەرەبی نازانن هیچ پەیامێکی نوێی نەك نەهێناوەتە گۆڕ بەڵکو لاوانی بە کچو کوڕەوە خستۆتە نێو حەلقەیەك کە چەمانەوەو یەئسو لەو پەری باری پۆزەتیڤی خۆیدا گرتنەبەری ڕیگا چارەی فەردیو خۆ رزگار کردن لە واقعیەتی دەردەناکی ئەمرۆی کۆمەلەکەمان. ئەم وەسفە لە سەر لاوان، لە گۆرانیو ئاوازو بەکارهێنانی ئامێرەکانی میوزیکەوە تاکو دەگاتە شانۆو زنجیرە حەلەقەکانی ڕەمەزانو تاکو گوتاری ئەحزابی کوریو ڕۆشنبیرانی ناسیونالست بە شێوەیەکی ڕۆشن دەبینین. بۆیە لەمبارەشەوە ئەگەر کەسێك یان حزبو ڕیکخراوێك بیەوێت قەزییەی لاو بەناونیشانی یەکێك لە گەورەترین قەزییەکانی ئەمرۆی کۆمەل چارەسەر بکاتو وەلامی پێبداتەوە پێویستە لەسەری لە مەودایەکی فراوانی مێژویی خۆیدا بیبینێتو خاڵی لیوە هەستانی لەفراوانترین ئاستدا بهێنیتە گۆر کە ئەویش " قەزییەی ئینسانی لاوە" بە هەموو کۆسپو ئاست تەنگیو خواستنو ئارەزوو ڕیگرییەکانی بەردەمیو لە هەمانگاتدا وەلامی گونجاو بداتەوە پێیان. بۆیە لەمبارەشەوە کە دەبینین باسی " لاو" دادەبەزێت تا ئاستی بەشداریکردن ودەنگدان بۆخوی نیشانەی ئەوەیە کە قەزییەکە "لاو" نیە وەکو ئینسانێکی سروشتیو پڕ خواستو داواکاریو تموحی ئایندە، بەڵکو دیسان " لاو" ی‌کردوە بە ناونیشانی جێبەجێکردنی سیاسەتو ئامانجێکی تر..

ئۆکتۆبەر: ئیوە باسی لاو، وەکو "قەزییەی کۆمەلایەتی " باس لێدەکەن. لە هەمان کاتدا زۆر گەرانەوە بۆ دواوە. پیم خۆشە پرسیارەکەم ئاوا دەست پێبکەمو بلێم ئایا گەرانەوە بۆ پێش ئازاری 1991 لەم قەزییەدا چ ماناو ناوەرۆکو هەروەها ئەنجامگیرییەکی لێدەکرێت؟و پاشان بە بڕوای ئێوە پێویستە "قەزییەی لاوان چۆن پێشنیار بکرێت یان لە کوێوە دەست پێبکرێت؟

سامان کەریم: ئەو باسەی کە ئێوە کردوتانە بە پرسیارو دەپرسن کە گەڕانەوە بۆ پێش ئازاری 1991 واتە پێش ڕاپەڕین، چ ماناو ناوەرۆکو...هەیە باسێك نیە کەمن لە خۆمەوە بەشێوەیەکی زەینیو ولنتاریستی هێنابێتمە پێشەوە. باسێکە بۆخوی ئۆبجێکتیڤە من بلێم یان نا، جیاوازییەکە لەوەدایە کە من بۆ ئاماژە بەم مێژوە دەکەمو کەسانی دیکە نایکەن یان ئەگەر باسیشی بکەن دابڕانێك قایلن لەنیوان ئەم دوو مێژوەدا بۆ هەموو دیاردەو قەزییەکانو لەوانە بۆ قەزییەی لاوان. من دەلێم ئەوکات، واتە ساتەوەختی ڕاپەرینو پێش ڕاپەرین، لاو بەگشتی لەدایك بووی سالانی سەرەتای هەفتاکانو کۆتایی شەستەکان بوون دیارە ستانداری من لیرەدا بۆ تەمەنی لاو لۆکەلی‌یە نەك جیهانی. بەلاّم ئێستا ئیمە 15 ساڵمان تێپەڕاندوە بەسەر ڕاپەریندا. لاوانی ئەوکات دایکانو باوکانی ئێستان، مامۆستایانو کرێکارانو فەرمانبەرانی ئێستان، لە هەمانکاتدا مندالانی ئەوکات لاوانی ئێستای ئێمەن، ئومێدبەخشی ئایندەی ئێمەن. بەمانایەك مێژووی ڕابەرین مێژووی لکاندنی نەوەی پێشوو ئێستایە، مێژوی پێکەوە گرێدانی دوونەوەیە. ئەم دوونەوەیە هەردوکیان لە ژیاندا ماون، خواستو ویستو ئارەزوو مافی لاوانی پێش ڕاپەرین لەکوردستان بەشێوەیەکی گشتی چی بوو، ئێستاش هەر ئەوەیە. ئەم باسە لیرەدا دەچێتەوە سەر ناوەرۆکی قەزییەی لاوو زەمینەی رزگاربونی لە وەهمی نەتەوە پەرستیو ناسیونالیزم دەرەخسێنێت. کەواتە قەزییەی لاو هەمان قەزییەی، بونی مافە فەردیو مەدەنیەکانە لە ئاستی کۆمەلایەتیدا، بونی مافە سیاسیەکان لە ئازادی پێکهێنانی ریکخراوەی جەماوەریی‌یەوە بگرە تاکو دەگاتە ئازادی ڕادەربڕینو خۆپیشاندانو مانگرتن، لە ئازادی زەواجو جیابونەوەو بگرە تاکو دەگاتە دابینکردنی کەشو هەوایەکی تەندروستو ئارامو ئامنی کۆمەلایەتی بۆ گەشەو بەرزبونەوەی ئاستی مەعریفەی فکریو زانستیو وەدەرهێنانی پراتیکیانەی وەرزشو میوزیكو مەیدانەکانی تری لەزەت بردن لە ژیانو دابینکردنو جێبەجێکردنی ئارەزوەکانی لاو بە کچانو کوڕانەوەو ووشککردنو دابڕانیان لە نەریتو فەرهەنگی دواکەوتوو. ئەمە واقعیەتی حالێکەو هەموو کەس دەیبینێت ئەوکاتو ئێستاش ئەوانە خواستو ئارەزوەکانی لاوان بوون، ئەوکات حکومەتی بەعسو فەرهەنگو نەریتە ئیسلامی ناسیونالیستی‌یە عەرەبیەکەی، سەرکوتو داپلۆساندنی ئەو رژێمە ڕیگر بوو، ئەمرۆ ڕیگرەکە گۆڕاوەو جلی کوردی لە بەردایە.

بۆیە قەزییەی لاو بەتەواوی قەزییەیەکی کۆمەلایەتی‌یەو لە چوارچێوەی رزگار بوونی کۆمەل لە ستەمو چەوسانەوەو دابو نەرتی دواکەوتویی ئیسلامی و ناسیونالستی دا مومکن دەبێت. ئەمەش بەبڕوای من ناتوانێت لە سوشالیزمو دامەزراندنی کۆمەلێکی سوشیالستی کەمتر بێت. کۆمەلیك کە ڕووی لە کردنەوەو پالپێوەنانی تەواوی توانا خەلا قەکانی لاوان بێت لە تەواوی مەیدانی ژیاندا، مۆتیڤێکی کۆمەلایەتی گەورەیە کە لاو تیایدا ئازادانە لە هەموو قەیدو بەندێکی ئابوری‌و کلتوری‌و سیاسی و فەرهەنگی دەتوانێت شکۆفایی بداتە بەگەرخستنی تواناکانی، خەلاقیەتی ئینسانی خۆی لە مەیدانەکانی گەشەی بەرهەمهێنان، باش بژیەتی و خۆشگوزەرانی و گەشەی هیواو ئارەزوەکانی لەمیوزیك‌و وەرزش‌و زانستە مرۆییەکان‌و تەنانەت ئیبداعاتی داهێنەرانە سەبارەت بە پەیوەندی سێکسی و پەیوەندی نێوان ژن‌و پیاو لەسەر بناغەیەکی نوێی ئازاد بە ناونیشانی پەیوەندی " سروشت لەگەلْ خۆیدا" دادەرێژێتەوە. من پیم وابێت، لە ناوەرۆکی گشتی خۆیدا رزگار کردنی لاو لە وەهەم، رزگارکردنی لەوەی کەچی تر چاوەڕوان نەبێت کە چەواشە نەکرێت، وە کردنەوەو پەرەپێدان بە هەموو تواناکانی و لە هەموو مەیدانەکاندا، ڕاستەوخۆ قەزییەی رزگارکردنی ئینسانە لە هەموو کۆت‌و بەندێکی کۆمەلایەتی لە سایەی سیستەمی سەرمایەداری‌و خورافەو وەهمە قیزەون‌و ناشیرینەکانی.

ئۆکتۆبەر : باشە ئەوە دامەزراندنی کۆمەلگایەکی نوێی ئینسانی، مەسەلەیەکی گەورەو جدی کۆمەلگای بەشەری ئەمڕۆ لەوانە کۆمەلگەی ئیمەشە لە کوردستان. بەلام هەر ئێستا لاوان کۆسپ‌و تەنگەژنەی زۆریان لە بەردەمە. هە ر ئێستا لاوان بەمانایەک ڕادەکەن لەواقع‌و هەر ئێستا دەرگیری گەورەترین کێشەی داب‌و نریتی دواکەوتوی کوردەواری‌و ئیسلامین، هەر ئێستا ئاستی پەروەردەو خویندن‌و زانستی لاوانی ئێمە بۆنمونە لە زانکۆکاندا لە ئاستی مەعریفەی زاسنتە سورشتیەکانی پۆلی یەک‌و دووی ناوەندی وولاتانی پێشکەوتوی ئەوروپادایە، هەر ئێستا کچان‌و کوڕانی ئێمە دەرگیرن لەگەلْ کۆسپی عاتیفی‌و پەیوەندی سێکسی‌و چۆنیەتی پەیوەند ی هاوسەرگیری‌و هەر ئێستا لاوانی ئێمە سەرکوت دەکرێن‌و مافە سیاسیەکانیان زەوت دەکرێت‌و مافە فەردی‌و مەدەنیەکانیان پێشێل دەکرێت‌و هەر ئێستا لاوانی ئێمە دەنالێنن بە دەست کەمی قوتابخانەو نەبونی تاقیگای زانکۆکان‌و نەبونی سەنتەری کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت لە زانکۆکان‌و ئامادەییەکان، یان لایەنی کەم خوێندنیان وەکو وانەیەک، بڕیاریشە دەستورێک کە گوایا بڕیاری لەسەر دراوە، ئەووەش بەرتەسک بکاتەوە کە هە یە.. ئیوە دەلێن چی‌و پێشنیاری ئیوە چیە بۆ ڕوبەڕو بونەوەی ئەم هەلومەرجە سەختەی کە لاوان دەرگیرن لەگەلیدا؟

سامان کەریم: من پێم وایە دەستور دەربهێنین لەم وەلامە چونکە بەبروای من جێگاو ڕیگایەك کە ئەم دەستورە هەیەتی بۆخۆی کاتیە تەنانەت لە ڕوانگەی ئەو هێزانەشەوە کەنوسیویانە. دەسەلاتی کوردی ئەوەندە دەگەرێتەوە بۆ دەستور کە سەرکوتی پێبکات، ئەوەندە بۆی دەگرێتەوە کە بلیْ حەقە بەشی من لێرەو لەویْ ناخنۆکی لێکراوە لەلایەن ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەبەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەم دەستورە ناتوانێت پەیوەندی یاسای نێوان تاك‌و دەسەلات‌و نێوان فۆنکسیۆنە جیاوازەکانی نیوخۆی دەسەلات‌و مافەکانی تاك‌و... لە قالبێکی نوێدا دابرێژێت بە تایبەت لە کوردستان‌و بەمپێیەش ڕیککەوتنامەیەکی کۆمەلایەتی جێگای سەرگەردانی و فەوزای ئێستا بگەرێتەوە، بە پێچەوانەوە بۆخۆی هۆکاری قولکردنەوەی نا ئەمنی و نا ئارامی‌یە.

ئێستا لاوان چی بکەن؟ باسی من لە وەلامی پرسیاری پێشودا هەر ئەوەیە کە ئێستا دەبێت بێن‌و لە ڕوانگەیەکی ترەوە بڕواننە چارەسەری کێشەو کۆسپەکانی خۆیان لە هەمان ڕوانگەشەوە لە هەولی دابینکردن‌و بەدەستهێنانی مافە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکانی خۆیاندا بن، واتە ڕوانگەو ئاسۆی کۆمەلایەتی کۆمۆنیزمی مارکس، کۆمۆنیزمی مەنصوری حیکمەت. قسەکە ئەوەیە چۆن دەست پێبکەن‌و حەلقەی سەرەتایان چی‌یە؟ میکانیزمەکانی ڕیکخستن‌و سەرتاسەریکردنەوەی خەبات‌و دروشم‌و داواکارییەکانیان چۆنەو چۆن دەچێتە پێشەوە؟ دەبێت رۆشن بێت کە لە چوارچێوەی ئاسۆو ڕوانگەی نەتەوایەتی و کوردایەتیدا لاوان نەك ناگەن بە دابینکردنی خواست‌و ئارەزوەکانیان، بەلْکو ئەوەی دیویانەو پێیایدا تێپەریون لە 15 سالی ڕابوردودا، هێشتا لەچاو ئەوەی کە دەیبینن لە دەسەلات‌و حزبە کوردییەکان شایی و خۆشی بوە، ناسیونالیزمی کورد نەك مژدەی رزگاری لاوانی پیْ‌نی‌یە بەلکو بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت مۆدیرن بێت، جا هەرکەس‌و نوسەرو گۆڤاریکی کۆن یان تازە بێت بیەوێت ئەم زاراوانە ڕاڤە بکات‌و لە بەرگی نوێخوازیدا بیەوێت وەهمی مەوجود ڕابگرێت پێم وابیت فاشلەو شکست ئەنجامیەتی. من ئەم پۆینتە بە تەوەریەکی سەرەکی دەبینم چونکە تەواوی ئەو مەیل‌و بۆچونانەی باس لە چارەسەری کێشەکانی لاوان دەکەن، لە هەمان چوارچێوەو ئاسۆو ڕوانگەی نەتەوەییەوە دەیانەوێت وەلامی پێبدەنەوە، دیارە سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا.

لاوان لەم نێوەداو لەم چوارچێوەیشدا کەمن باسی دەکەم هەنگاوێکیان بڕیوە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران و کەلارو ڕانیەو جموجۆلی سەرکوتکراوی چەند جارەی شاری هەولێر کۆمەلێك جولانەوەی عەمەلین کەلە پالْ بەشدارینەکردنی لاوان لە دەنگدان بۆ دەستوردا هەنگاوێك وە لەهەمانکاتدا پەیامێکمان پێدەدات بەکورتی ئەو پەیامەش دەلیْ" من ژیانیکی موتەمەدنم دەوێت" تەمەدن لە ئاستی فراوانیدا، واتە رازی نابین بە داب‌و نەریتی دواکەوتوو، رازی نابین بەم دەستورە کۆنەپەرستە، رازی نابین مافی سیاسی و فەردی‌و مەدەنیمان نەبێت‌و رازی نابین سەرکوت بکرێین، خواستی پێکەوە ژیانی ئازادنەو خۆشەویستی ئازادو یەکسانی نیوان ژن‌و پیاو ڕەتکردنەوەی نەریت‌و فەرهەنگی ئیسلامی کە لەلایەن ئیسلامی سیاسیەوە مەترەح دەکرێت، خولیا بون بۆ میوزیك‌و وەرزش‌و زانست بە شێوەیەکی گشتی وەستانەوە دژی کەندەلی پەروەردەیی و زانستی... ئەمە ناوەرۆکی ناڕەزایەتی نامەی ئەمڕۆی لاوانە لە کوردستان کە پەیامێکی ئینسانی گەورەیەو لە هەمانکاتدا، میکانیزمێکی خەباتکارانەی شارستانی‌یە. منیش دەمەوێت هەر ئەوە واقعیەتە بهێنم‌و ڕیکخراوو یەکگرتووی بکەین‌و بلێم کە ڕەوتی چونە پێشەوەی ئالۆگۆرەکان‌و رق‌و کینەی پەنگخواردووی لاوان بە درێژایی 15سالْ لە دەسەلاتی کوردی کە چاوەڕوانیەکی دیکەی هەبوو لیْی،

واقعیەتی جولانەوەی لاوانی لە ئاستێکی فراواندا هێناوەتە پێشەوە. ئەوەی کەموکوڕی ئەم بزوتنەوەیەیە،ئەوەیە، کە سەرتاسەری نیە، دروشمێکی یەکگرتوویی نیە، داواو خواستەکان پەرت و بلاون، ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە بەهرەمەند نین لە ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن بۆ بەروپێش بردنی بزوتنەوەکەیان... بۆیە حەلەقەی یەکەم لە ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیەوە دەست پێدەکات، ڕێکخستن و یەکگرتوو کردن و ڕیکخراوبونیان لە فۆرمێکی سەرتاسەریدا، ڕیکخراوەی جەماوەری لاوان ئاست و فۆرمێکە لەو فۆرمانەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش ئاست و فۆرمێکی دیکەیە. بەلام وەك ئەرکێکی فەوری پیم وابیت پێویستە شەبەکەیەك لە هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە پێك بێت کە دواتر بچێتە سەر شێوەی بەجێگەیاندنی ڕیکخراوەیەکی جەماوەری سەرتاسەری لە کوردستاندا، ڕیکخراوەیەك کە مەنشورەکەی بەیانی ڕاگەیاندنی خواست و داواکارییەکانیان بێت و لە هەمانکاتدا میکانیزمی جێبەجێکردنەکەشەی لە ڕیگای خەبات و ناڕەزایەتی یەوە دیارییبکات. ئەمە تاکە ڕیگایەکە بۆ ئەو دیاردەیەی پێی دەلێن چاکسازی.

**ئۆکتۆبەر: ئیوە لە میانەی ئەم چاوپێکەوتنەدا جەختتان لەسەر ئەوە کرد ن کە چاکسازی لە سایەی دەسەلاتی ئەحزابی کوردیدا ناکرێت، بەلام ئەوەتا خۆتان دەڵین خەبات و ڕێکخراوبون و یەکگرتوکردنی لاوان لە ریکخراوەیەکی سەرتاسەریدا ڕێگایەکە بۆ چاکسازی؟**

سامان کەریم: من لە وەلامی پرسیاری دوهەمی ئیوەدا باس لەوە دەکەم، کە مەیلێك هەیە لە نێو ڕۆشنبیراندا، وە کاریگەری هەیە لەسەر لاوان، ئەویش ئەوەیە کە خۆی وە لاوان بە پاسیفست دەبینیٚ و هەموو ئەرکی خۆی بەوە داناوە کە داوا لەدەسەلات بکات چاکسازی بکات، من دەلیم دەسەلات گویٚی لە شتی وانیە. باسی چاکسازی لای من گرینگەو من بزوتنەوەی چاکسازی جیانەکەمەوە لە گشت پرۆسەو بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئینسان لە پێناو لە گۆرنانی چەوسانەوەو ستەمدا. بەم پێیە من لیرە وە لەوەلاٚمی پرسیاری پێشومدا من دەلیٚم بۆ ئەوەی چاکسازی بکەین، وە ئەکەر واقعەن رۆشنبیران یان کەسان و لایەنێك هەیە کە دەیەوێت چاکسازی بکات، ئەوە هیچ کە ئێمە لەگەلێدا دەتوانین ببین، وە دەبین تا ئەوکاتەی دەتوانین لە چاکسازی بەردەوام بین. لە هەمانکاتدا دەلێم ئەو ڕیگایە ڕێگای خەبات و تێکۆشانی بێووچانی لاوانە، ڕیگای ڕێکخراوبون و یەکگرتوکردن و هێنانەمەیدنی لاوانە، ڕێگای جیاکردنەوەیانە لە ریزەکانی ئەحزابی کوردی، ئەمە چاکسازییەو شۆرش نیە، بەلام خەباتی دەوێت و بە عەریزە نوسین و پاڕانەوە و چاوەڕوان بون مەیسەر نابێت، بە هیوادارکردنی لاوان بە دوا رۆژێکی ترو بەوەی گوایا دەسەلاتی کورد مومکنە ئەم چاکسازییە بکات نەك مەیسەر نابێت، بەڵکو وەهمێکی کوشندەیە. بۆیە بەم مانایە منیش چاکسازی دەکەم و لەریزی پێشەوەی چاکسازەکانیش دەوەستین و خەباتکارین. بەلاٚم ئەمڕۆ ئەم چاکسازییە لە هەمانکاتدا بەستراوەتەوە جێبەجێبونی مەسەلەی خواستی کوردستان. جێبەجێبونی خواستەکانی لاوان لە شیوەیەکی پایەدارو جێگیرو چەسپاندنی لە دەستورێکدا، لەوەدا خۆلاسە دەبێتەوە کە ئەم بزوتنەوەیە سەرەڕای ئەو داواکاری و خواستانەی کە ئاماژەیان پێکراوە، لە دەوری خواستی سەرەکی کۆمەل کە جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەولەتێکی سەر بەخۆو عەلمانی و ناقەومی یە، خەباتی خۆی گەشە پێبدات و بیکاتە محوەریکی ئەصلی ناڕەزایەتیەکانی.

لەم ڕوانگەیەوە دیارە من ئەو پیشنیارو مەیلانەی کەهەن سەبارەت بە قەزییەی لاوان و دەیانەوێت ئابلوقەی بدەن وەکو پێشنیاری" پەرلەمانی لاوان" کە بەراستی پێشنیارێکی گالتەجاری و مندالانەیەو هیچ پەیوەندی نیە بە هیواو خواستی لاوانەوەو هەر بۆیە لاوان گالتەی پێدەکەن، ئەگەر چی بەتوندی لە لایەن هەردوو دەسەلاتی هەولیرو سلێمانیەوە هێنراوەتە پێش و پارەو پولی بۆ سەرف دەکرێت و تەنانەت پێشبرکێیە لەنیوان ریکخراوەکانی حزبی هەر دوو لادا، دیارە پێشنیارەکە هی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەمەیان مەیلێکی سەپێنراوە بەسەر لاواندا و جێگایەك ناگرێت و من بە گالتەجاری دەبینم نەك چاکسازی. دیسان هەر مەیل و بزوتنەوەیەك دەیەوێت مافەکانی لاوان قیچ بکاتەوە چاوەڕوانی مەرحەمەتی دەسەلاتی کوردی و حزبی کوردی بکات بۆ چارەسەری کێشەکانی لاوان دیسان من بە ڕیگایەك نایبینم بۆ چاکسازی بەڵکو دەیبینم بۆ هێشتنەوەی لاوان لە چاوەڕوانیەکی کوشندەدا دیارە بەجیا لەوەی مەبەستی نوسەر یان ڕۆشنبیر یان لایەنەکە هەر چیەك بێت.... ڕیگای چاکسازی ڕیگای خەبات و تێکۆشان و ڕیکخراوکردنیەتی هەروەك باسمان کرد. هەر بۆیە لەم بارەشەوە بزوتنەوەی لاوان، واتە لە مەیدانی ڕیکخرابونیشە پێویستیان بە چاکسازییەو ڕۆشنە کە ڕیکخراوە مەوجودەکانی لاوان ڕیکخراوی دەستەمۆکردنی لاوانن نەك خەباتکاری ڕیگای دابینکردنی خواستەکانیان. کەواتە لەم بارەشەوە پێداویستی فەوری پێکهێنانی ڕیکخراوەیەکی سەرتاسەری لاوان ئەرکی گشت ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی لاوانە.